# کەمتەرخەمی بەرامبەر ئەنفال و ئەنفاکراو!!

د. ئەحمەد میراودەلی

بەماوەیەکی زۆر کەم پێش ساڵیادی هەڵەبجە، هەڤاڵی هێژام کاک ئاکۆ گەردی، سەرنوسەری ڕۆژنامەی میدیا، داوای ڕیپۆرتاژێکی دەستوبردی کرد. دەربارەی ئاشنایی خەڵکی هەندەران بە مەرگەساتی هەڵەبجە و کۆستی ئەنفال. بەداخەوە لەبەر کورتی ماوەکە داواکەیم بۆ ئەنجام نەدرا، لێ هەر لە هزرمدابوو ڕۆژێک ڕاپرسێکی بچکۆلە ئەنجامدەم. یەکەمجار دوو کیژی خۆمم ڕاسپارد، ڕاپرسێک لەنێو دۆست و ناسیاوی خۆیاندابکەن. دوای چەند ڕۆژێک یەکێکیان وتی لە هەرکەسم پرسی بێ ئاگا دەرچوو، ئەویکەشیان وتی لە زۆرکەسم پرسی، تەنها یەک خوێندکاری هاوڕێم پاش تۆزێک ڕامان، بیری کەوتەوە کە ئەنفال و هەڵەبجە پێوەندیان بە کیمیابارانەوە هەیە.

بۆخۆم کە بۆ دەسگای خوێندنی شارەکەی لێیدەژیم کاردەکەم، ڕۆژێکیان بە نیازی ڕاپرسی لە پرنسپڵ (بەڕێوەبەر) ی فێرگەیەکی سەرەتاییم پرسی. ئایا ناوی ئەنفال یان هەڵەبجەت بیستووە؟ تۆزێک ڕاماو وتی نەخێر، دواتر لە چەند ماموەستایەکی دیکەشم پرسی، یەکێکیان کە ناوی"جۆش کرێسمان" بوو لە منی پرسییەوە، هەڵەبجە چییە.... خواردنە؟

سەری خوێنەری بەڕێز نەیەشێنم لە دە ماموەستا، کە ماموەستای ئەم وڵاتە "کەنەدا" هەموویان دەرچوی زانکۆن، تەنها یەکێکیان دەیزانی هەڵەبجە شارۆچکەیەکە "سەددام" کیمیابارانی کردووە، لێ نەیدەزانی دانیشتوانی هەڵەبجە چ ڕەگەزن و چ زمانێک دەئاخەفن.

گومان لەوەدانییە ئەنفال پرۆسەیەکی جێنۆساید بوو، لێ بۆ وەک جێنۆسایدی ئەرمەنی و جولەکەکان نەناسراوە؟ کێ کەمتەرخەمە لەم بارەیەوە، ڕۆشنبیرانی کورد یان دەسەڵاتەکانی کوردستان؟ پرسیار زۆرن لەم بارەیەوە کە وەڵامیان گەرەکە، وەک ئەوەی بۆ هەتا ئێستا کارەساتەکانی ئەنفال دۆکۆمێنت نەکراون؟ یان چی خزمەتگوزارییەکی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان، کراوە...... هتد. لەو بڕوایەدام هەرکەسە وەڵامی خۆی هەیە، لێرەشدا من مەبەستم وەڵامدانەوەی پرسیارەکان نییە. بەڵکو زیاتر مەبەستمە بڵێم چی بکەین و کێ بیکا و بۆ ؟

لەدوامین ڕۆژی مانگی"ئەپریل"ی ئەمساڵدا — 2005 –، ئەو جوولەکانەی لە هۆڵەکۆست ڕزگاربوون و هێشتان لەژیاندان، بۆ دواجار جەژنێکی گەورەیان بەبۆنەی مردنی هیتلەرەوە گێڕا، دەڵێم بۆدواجار، لەبەر ئەوەی لە دوای چەند ساڵێکی دیکە لەوانەیە کەسیان لەژیاندا نەمێنێ جەژن بکات. بەڵام ئایە هیتلەر و هۆڵەکۆستی جوولەکە هەر وەها بە سانایی دەچێتە ناو لاپەڕە ونبوو و لەبیرچووەکانی مێژوو؟

لە ڕاستیدا سایکۆلۆجی مرۆڤ بە شێوەیەک کاردەکا کە، مردووەکان، وەک مرۆڤێکی ڕاستەقینە مامەڵەیان ناکرێت، بیرەوەریەکانیان وردە وردە کاڵدەبنەوە، سەرکەوتن و نسکۆکانیشیان وەک مرۆڤێکی زیندوو بایەخدارنابن. لەبەرئەوە، ڕاستە ئەگەر بڵێین مردوو دکەوێتە بەر ڕەحمەت، یان ڕکوکینەی ڕۆشنبیران و دەسەڵاتداران.

ئەوکاتەش ئەگەر بەختەوەربن ئەوا ساڵانە یادیان بەرز ڕادەگیرێ، یان لەڕۆمانێکدا بەکورتی وەبیر خەلکی دەخرێنەوە، ئەگەر بەختەوەریش نەبن لەباشترین حاڵدا دەبنە پۆستەری سەر دیوار. کاتێکیش کارێکتێرێکی مێژوو ئەگەر باش ئەگەر خراپ، دەبێتە پۆستەرێکی سەردیوار، ئەوە نیشانەیە کە لە یادی زیندووواندا نەماوە.

ڕەنگە کەسێک بڵێ ئەوە هەرگیز ڕوونادات، بەڵام با چاوێک بە مێژوودا بگێڕین و بپرسین، کەسێکی وەک ناپلیۆن کە سەردەمێک پاڵەوانی فەڕەنسابوو، پێش تێکشکانی چەند سەرکەوتنێکی وەهای بەدەستهێنا کە ئێستاش لە فێرگە سەربازییەکاندا جێگەی لێکۆڵینەوەیە، لێ کەسێک باس لەوەناکا کە شەڕەکانی بوونە هۆی لەناوچوونی زێدە لە چوار ملیۆن مرۆڤ. چوار ملیۆن کوژراوی شەڕەکانی ناپلیۆن، زۆر کەمترە لە لەدەستدانی سی (30)ملیۆنی ژیان کە هیتلەر لێی بەرپرسیارە. بەڵام ئەگەر سەرژمێری ئەورووپای هەردوو سەردەم ڕەچاوکەین، شانسی مرنی دانیشتوانی ئەورووپا لە هەردوو شەڕدا وەک یەک دەوەستنەوە. لێ مێژوو لە ناپلیۆن بوردووە!! ئەگەر ئەوانەی لە شەڕەکانی هیتلەردا گیانیان لەدەستداوە، وەکوو ئەوانەی شەڕەکانی ناپلیۆن کە لە مێژە مردوون، لەبیر بکرێن، چی دەوەستێ لە ڕێگەی مێژوودا لە هیتلەریش ببوورێ؟

بێ شک جیاوازییەکی زۆر گەورەهەن لە نێوان دیکتاتۆرەکاندا، لەنێوان هیتلەر و سەددام لەلایەک و ناپلیۆن و ستالین لە لایەکی تردا. هەموویان دیکتاتۆر بوون، لێ هیتلەر و سەددام پلانی داڕێژراوی پاکتاوی ڕەگەزیان ئەنجامداوە. زوربەی ئەوانەی بەشداری جەنگی جیهانی دووهەم بوون، ئاگاداری کەمپە نازییەکان نەبوون کە شەش ملیۆن جووی تێدا کوژرا و ئێستا بە هۆڵەکۆست ناسراوە و، هەموو نازیستێکی کردە ئاژەڵێکی قێزەوەن و هیتلەریشی خستە ئاستی ئەهریمەنەوە، ڕەواشە هەر بەوشێوەیە ڕەچاوبکرێ هەتا مرۆڤێکیش لەسەر ڕووی ئەم زەمینە مابێ. هەوڵی جوولەکە زۆر ڕەوایە کە مێژووی جێنۆسایدەکەیان زیندوو ڕاگرن و، ئەزیش لەو بڕوایەدام، گشت مرۆڤایێتی پێویستی بەوە هەیە کەهەر ئێش و ئازارێک سەرچاوەکەی بوغزوکینەی ڕەگەزپەرستی بێت، هەرگیز لەیاد نەچێ. لەبەر ئەوەی زیندوو ڕاگرتنی کارەساتەکان بەرگریە لە دووبارە بوونەوەیان.

گوێین دایەر: کە ڕۆژنامەوانێکی سەربەخۆیە لە نوسینێکیدا دەڵێ، " ئێمە ناتوانین لێگەڕێین هیتلەر ببێتە ڕابوردوویەکی کاڵ، لەبەر ئەوەی پێویستیمان پێی هەیە کە ئەرکی ئێستاو ئایندەمان بخاتەوە یاد ، ئەگەر یادی هۆڵەکۆست بەزیندوویی بمێنێ، نەک هەر بۆ جوولەکە بەڵکو بۆ هەموو دونیا، ئێستا کاتی ئەوەیە بیر بکەینەوە چۆن لە سەدەی 21 دا بیخەینە پێش چاوی ئەو کەسانەی کە شەڕی جیهانی دووهەم لەلایان دەبێتە ڕابوردوویەکی لەبیرچوو. ئایا شەڕەکە هەمووی دەربارەی جولەکەبوو، یان دەبێ ئاگادارییەکبێ بۆ هەمومان؟". مرۆڤدۆستێکی وەک گوێین دایەر ئاگاداری هۆڵەکۆستی جوولەکەیە بۆیە نایەوێ هیتلەر و هۆڵەکۆست کاڵببنەوە لەمێژوودا.

ئەرمەنییەکان زۆر پێش کوردی باشووری کوردستان نەبوونە خاوەن دەستەڵات، لێ لەو ماوە کەمەدا، کە دوای ڕوخانی ڕژێمی سۆڤیەتە. خۆشحاڵانە ئەوڕۆ " ڕژێمە فاشیستە" تۆرانی" یەکەی ئانقەرەیان کردۆتە فاقی نێو دەوڵەتییەوە و، جێنۆسایدی ئەرمەنیانیان بە دونیا ئاشناکردووە.

جوولەکەکان، لەسەر ئاستی جیهانی کارێکی وەهایان کردووە ئەوەی لە وتارێکیشدا، هەڵەیەک بەرامبەر هۆڵەکۆستەکەیان بکات، ڕاپێچی دادگای دەکەن، ئەمەجگای ئەوەی کە هەتا ئێستاش لە هەر وڵاتێک، نازییەک بدۆزنەوە بەئاستەمیش بۆنێکی هۆڵەکۆستی لێبێ، ئەگەر ئەو وڵاتە ڕاستەوخۆ نەیداتەوە دەست جوولەکە ئەوا بە ئاشکراو بەبەر چاوی هەموو دونیاوە دەیرفێنن بۆ ئیسرائیل و دادگایی دەکەن.

دەشێ بڵێین لەدوای شەڕی کەنداوەوە، هەتا ئێستاش لەباشووری کوردستاندا سەربەخۆین، لێ هەتا ئێستا کارێکی وا ئەنجام نەدراوە، ئەنفالکردنمان نەک وەکو جێنۆسایدی ئەرمەنی و هۆڵەکۆستی جوولەکە ناسرابێ،

بەڵکو زۆر دەگمەنن ئەوانەی شتێکیان لێوە بیستبێ. ئەگەر بمانەوێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کێ کەمتەرخەمە، یان کەموکووڕی لەکوێدایە؟ من لەو بڕوایەدانیم کە ڕۆشنبیرانی کورد کەمتەرخەمبن. بەڕای من هەمووی کەمتەرخەمی و کەموکووڕی دەسەڵاتەکانی کوردستانە. پێناساندنی ئەنفال بەکۆمەڵگای گەورەی جیهان، بە تەنهابالّی بەڕۆشنبیران ناکرێ، ئەمە کارێکە دەزگایەکی پەرۆشخۆر و چالاکی هاوکاری ڕۆشنبیرانی دەوێ. دەزگایەکی خاوەن دارایی، بۆ کۆکردنەوە و دۆکۆمێنتکردنی هەموو ڕوداوەکان و دەسگایەکی ڕاگەیاند کە ڕوداوەکانی ئەنفال بگەیەنێتە مرۆڤدۆستانی وەک گوێین دایەر.

دڵنیام لەوەی ئەگەر هیتلەریش وەک سەددام ترسنۆک بوایە و لە کونە جرج دەریانکردایە، هەموو جوولەکەیەک خۆشحاڵ دەبوو، لەجیاتی جارێک لەسێدارەدان، بڕیاری سەدجار لە سێدارەدان و زیندووکردنەوەی و لاسێدارەدانەوەی ئیمزا بکات.

سەددام: پاڵەوانی عروبە، بە شێوەی هیتلەر دەستی لە کورد وەشاند و لای جەماوەری کوردیش هیچی لە شەیتان کەمتر نییە. کەچی بۆ بەختەوەری سەددام و نەهامەتی هەموو کوردێک و بەتایبەتیش پاشماوەی ئەنفالکراوەکان، جەلال تاڵەبانی کە لەو ئاستەی ئەورۆ تێیدادایە دەبا جەخت لەسەر هەڵواسینی سەددام بکات، وەلی ئیمزای هەڵواسینی سەددامی زۆر لا گرانە، وەک کەسێکبێ هەرگیز ئازاری مێشێکیشی نەدابێ. بێگومان ئەوەی ئەرمەنی و جوولەکە کردوویانە، ئەنجامی هەبوونی ڕژێمێکی دڵسۆزی نەتەوە و وڵاتە.

ئەمڕۆ بەشێکی زۆر لە جەماوەری کوردستانی، لە دڵسۆزی سەرکردەکانیان شکوگومانیان پەیداکردووە. زۆر ڕامیارێناسی بیانیش ئەو پرسیارەدەکەن کە، دەبێ سەرکردەکانی کورد لەڕاستیدا بۆکێ کاربکەن؟؟"پارتی و یەکێتی" لەپێناوی دەسەڵاتدا و بۆ لەناوبردنی یەکتدی باوەشیان بۆ هەموو کۆنە بەعسی و جاش و جاسووسێک کردۆتەوە، بەتایبەتیش یەکیەتی هێندە بەخشندەیە کە بەجاش و بەعسی و خەفیفەی ناوخۆ دانەکەوتووە، بانگەوازی ئەوانەی هەندەرانیشی کردۆتەوە بۆ وەرگرتنی پۆستی ئەنجوومەنی ئێڕاقی. ئەمجا پاشماوەی ئەنفال دەبێ چاوەڕوانی چ ڕەحمەتێکی دەستی ئەنفالچی عارەب و خەفیفەی کوردی هاوپەیمانی عەفلەقییەکانبێ.

ئەوەی کەزۆر سەیرە لام و لێی تێناگەم ئەوەیە کە، ئەو پێشمەرگانەی کە ئەوڕۆ لە سەرکردایێتی هەردوو لای( پدک و ینک) دان و هەتا دوێنێ لە سەنگەری بەرامبەری جاش و خۆفرۆشاندابوون و، نزیکترین هاوڕێ و دۆست و خزمیان لە تەنیشتیانەوە بەگوللەی گەرمی ئەو نامەردانە گیانی پاکیان سپاردووە، یان کەسوکاریان ئەنفال کراون، چۆن ئەمڕۆ لە ئەنجومەنێکدا پێکەوە دادەنیشن و وەک گورگ و مەڕی سەردەمی ( موحەممەدی مەهدی) لەجۆگەلەیەکدا پێکەوە ئاودەخۆنەوە؟؟

بۆ بەدبەختیمان ڕامیاری "دابەشکە و کۆنترۆڵکە" هەتائێستاش دەردێکە لەکۆڵمان نەبۆتەوە و لەکۆڵیش نابێتەوە هەتا ناسیۆنالیزمی کوردی، نەک وەک هەست، بەڵکو وەک بیروباوەڕ نەگاتە تۆپەڵاک لە ناو جەماوەرێکی بەرفراوانی کوردستاندا، کە ئەوەش هەوڵ و کۆششێکی زۆری گەرەکە.

دانزیت داهلیوال: جارێکیان لە" ئاناتۆلیان تایمس" دا نوسیبوی( ڕۆژێکی تاریکە بۆ کورد کە زۆر ڕاپۆرت هەن دەڵێن. پێویست ناکا عارەب و تورک و فارس هیچ بکەن، هەندێ کورد هەن هەمووشتێکیان بۆدەکەن) نوسەر"داهلیوال" لە چەند ڕستەیەکیتردا دەڵێ،(سەرکردایێتی باشووری کوردستان خاوەنی مۆڕاڵێکی کرمێیە، تینوێتی دەسەلات بەرچاوی تاریک کردوون. ئەگەر وەهانەبێ، بۆ بایەخێکی گەورەتریان داوەتە کاراکردنی

ئەنجومەنی ئێراقی، زیاتر لە ئەنجومەنی کوردستانی؟ بۆ زیاتر لە بەرژەوەندی کورد، بایەخیان داوەتەهەڵوێستی ڕەگەزپەرستانی عارەب و تورک؟ )

پرسیاری هەندێ بیانی و من و هەموو کوردێکی دڵسۆزیش ئەوەیە بۆ برایەتی کورد و عارەب پێش برایەتی کورد و کورد خراوە؟

ئەم جۆرە پرسیارە بێ وەڵامانە، دڵی زۆر کوردی لە دەسەڵاتدارانی هەردوو هەرێم کرمێ کردووە.

لە کۆتاییدا دەڵێم، هەتا ئەوکاتەی دەسەڵات لەکوردستاندا دەبێتە هاوکار، بەرزڕاگرتن و زیندوو هێشتنەوەی کۆستەکانمان تەنها ئەرکی دڵسۆز و ڕۆشنبیرانە.

بەهیوام ساڵی ئایندە، سەرۆکی هەرێم جا هەرکەسێکبێ، بە بۆنەی ساڵیادی ئەنفالەوە، بە فەرمی میوانداری زۆرترین نوێنەرانی وڵاتان بکاو، هەموو کوردێکیش لەکاتێکی دیاریکراودا وەک ژاپۆنەکان بۆ ماوەی پێنج خولەک بۆ گیانی پاکی ئەو شەهیدانە لەئاستی خۆیان وشک ڕاوەستن، ئاڵای کوردستانیش لە نێوەندی داری ئاڵادا ڕاگیرێت وەک هەموو وڵاتێکی ڕۆژئاوا.

Mirawdaly@hotmail.com 2005/05/09